کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-6-2007 21:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەکگرتوو خزمەتگوزاری میللەتە ... هیوا رەسول..

کاتێ باس لە کارو بەرنامەی هەر حیزب و ڕێکخراوێك دەکرێت، پێویستە مێژوو ئێش و کارەکانی ئەو حیزبە لە ناو ژیانی کۆمەڵگاکەی بە شێوازێکی راست و دروستی ئەکادیمیانەو، بە دیراسەیەکی وورد هەڵسەنگێنرێت، نەك لە سەر بنەمای ئایدۆلۆجی فکری دژ بەو حیزبە، بەڵکو بزانیت پرۆژەو بەرنامەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئەو حیزبە چەندە گونجاوە لەگەڵ داخوازییەکانی ئەو میللەتە، چەندە لە خەمی ئەوەدایە بەها بەنرخ و رەوشتە جوانەکان بەرەو هەڵدێر نەرۆن، چەندە لە خەمی ئەوەدابێت ئینتیمای نەتەوەیی و ئاینی وڵاتەکەی بەرەو کاڵبوونەوە نەروات، هەر لەم روانگەیەوە بەشداری کردنی یەکگرتوو لە کۆنگرەی قاهیرە، وەك حیزبێکی بنکە جەماوەری بەهێز لە کوردستان، لە زۆرێك لە سایت و رۆژنامە کوردییەکان بابەتی باش و خراپیان لە سەر ئەم حیزبە نووسی، هەموو کەسێ ئازادە چی دەنووسێت و چۆن بیردەکاتەوە، بەڵام شاردنەوەی راستییەکان لە لایەن هەر نووسەرێکەوە خیانەتێکی مێژووییە.
بەشداری کردنی یەکگرتوو لە کۆنگرەی قاهیرە بە پرس و راوێژی سەرۆکی حکومەت بەرێز کاك نێچیرەڤان بەرزانی و کاك کۆسرەت و کاك دکتۆر بەرهەم بووە، هەر لەو کاتەدا سەرۆکی حکومەت سەردانی سکرتێری یەکگرتووی کردوە هەردوولا پێکەوە باس لە کۆنگرەکەیان کردووەو (وە خۆشحاڵی خۆی دەربرییوە کە بەشداری کۆنگرەکە بکات)، وە کاتێکیش گەراوەتەوە ئاکام و وردەکارییەکانی کۆنگرەی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم باس کردووە، وە هەر (لە ناو کۆنگرەکە بە توندی داکۆکیان لە جێبەجێکردنی مادەی 140و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و پرسی فیدرالیەت کردووە)، کە ئەمەش جوانترین هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی وەفدی یەکگرتوو بووە، وە بە سەرپەرشتیارانی کۆنگرەکەیان ووتووە بەبێ بەشداری کردنی هێزێکی سەرەکی وەکو هاوپەیمانی کوردستان هیچ گۆرانکارییەکی چاکسازی و ئیجابی لە عێراق دروست نابێت،
هەموو لایەك باش دەزانێت کۆنگرەی قاهیرە بۆ هێورکردنەوەی ئەو ململانێی خوێناویی و شەرە تاییفەگەریە کە عێراقی گرتۆتەوە، وە ئەرکێکی ئاینی و ئینسانیی هەموو لایەکە کە بتوانێ ئەو بارودۆخە خوێناوییەی عێراق کە رۆژانە خەڵکانی سڤیل دەبنە قوربانی ئارام بکاتەوە،
" یەکگرتوو چ خیانەتێکی کردووە لە کاتێکا سەرۆکی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم ئاگاداری بەشداری کردنی یەکگرتووو بوون لە کۆنگرەکە؟
" ئەگەر ئەمە خیانەت بێت کەواتە ئەوانیش پشکیان هەیە چونکە پرس و راوێژیان پێکراوە،
" بە پێی راپرسی چەند رۆژنامەو پێگەیەکی سەربەخۆ، زۆرینەی رای خەڵکی لەگەڵ ئەوەدا بوون کە بەشداری یەکگرتوو ئیجابیاتی زۆرترەوو وە لە خانەی ئازادیی سیاسییی دەیبینین.
" ئەگەر لە پەراوێزی کۆنگرەکە دوو جاشی کوردی تێدا بووبێت، خەتای یەکگرتوو چییە؟ خۆ یەکگرتوو داواتی نەکردوون،
" هەر عەلاوی و حاجم الحوسنی تاریق هاشمی وساڵح موتلەگ نەبون کە دەیان جار فەرشی سووریان بۆ رائەخرا لە کوردستان؟ بە جوانترین شێوە پێشوازیان لێدەکرا لەلایە سەرکردایەتی کورد؟ بەڵام بۆچی بۆ یەکگرتوو نابێت پەیوەندی هەبێت لەگەڵیان ...
" ئەو هەموو پەیمان بەستن و رێکەوتنامە دوو قۆڵییەی نێوان سەرکردایەتی کورد و لایەنە شیعەو سوونەکان بۆ ئاسایی بێت بەڵام بۆ یەکگرتوو بقە بێت؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

" ئەو 300 موستەشارەی کە بەشداری ئەنفالکردنی کوردستانیان کرد، ئێستا لە ژێر سێبەرو چەتری هەردوو لایەنی کوردی نین؟

" ئەوە خیانەتی پێدەڵێن کە پرس و راوێژ بە سەرۆکایەتی هەرێم بکەی لە کۆنگرەی قاهیرە؟ یان ئەم خاڵانە

" یەکگرتووی ئیسلامی لە بەر کورسی و سامان سوپای داگیرکەرانی هێنایە سەر خاکی کوردستان؟

" یەکگرتوو ی ئیسلامی بوو شەری برا کوژی هەڵگیرساند لە سەر دەسەڵات؟

" یەکگرتووی ئیسلامیە داهات و سامانی ئەم میللەتەی پاوانکردووە بۆ خۆیان؟

" یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە پارەو سامانی خەڵکی کورد رەوانەی بانکەکانی ئەوروپا و ئەمریکا دەکات؟

" مەشعان جبووری و وەفیق سامەرائیی و هاوشێوەکانی یەکگرتووی ئیسلامی دەیپارێزێت؟

" ئەو ڤیلاو کۆشکانەی بەرپرسانی کورد کە وەك کۆشکی فیرعەون بەرزکرانەتەوە لە کوردستان یەکگرتوو دروستی کردوون؟

ئەرێ ئەم خاڵانە لەناو حیزبێکی وەك یەکگرتووی ئیسلامی جێگەی دەبێتەوە؟ بێگومان نەخێر بە شاهێدی دۆست و دوژمن، جا کەواتە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان جوانترین نموونەی کوردایەتی و سۆزی نەتەوەیی و ئاینی پێشکەش بە میللەتەکەی کردوە لە مێژووی کاری حیزبایەتی، ئەگەر نەیارنی بەردو ئاگر و دوکەڵیان بۆ هاوێشتبێ ئەمان لە بریبدا گوڵیان تێگرتوون، وە جوانترین شانازییەك کە بۆ مێژووی ئەم حیزبە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە دڵۆپێك خوێنی میللەتی نەرشتووەو شارو شارۆچکەی کوردستان نەماوە پشکی خزمەتگوزاری رابیتەی ئیسلامی سەر بە یەکگرتووی پینەگەشتبێت لە هەموو بوارەکان، هەرچەند کارە خزمەتگوزارییەکان ئەرکی حکومەتە، بەڵام بەشی خێرخوازی یەکگرتوو بە ئەرکێکی ئاینی و نەتەوەیی خۆی دەزانێ خزمەتکردن بە جەماوەر، خۆ ئەگەر دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوایە لە حکومەتی هەرێم ئەوا زۆرێك لە خەمەکانی هاوڵاتی چارەسەردەکرا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.